# لەگەڵ ئەو هەموو گەندەڵیەدا خەریکە بێدەنگی شارەکەم دەخنکێنێت !!!

دلْزار حەسەن
dlzarhessen@yahoo.com

دەمێکە بەنیازم قسەیەك لەبارەی گەندەڵیەوە بکەم ، هەرچەندە ناوە ناوە سەرجەمی ئەو وتار و باس و لێدوانانەم دەخوێندەوەو گوێ لێدەبوو کە لە رووپەڕی رۆژنامەو کەناڵە ئاسمانی و تەلەفزیۆن و رادیۆکانی ناوەخۆ و رۆژنامە ئەلیکترۆنیەکانەوە بەشێوەیەکی بەربلاو دەنووسران و باسدەکران لەهەریەکێك لەو باسانەشدا دونیایەك راستی و دونیایەك نیازخراپی لەدواوەیاندا هەستی پێدەکرا ، هەبوو لەسەر گەندەڵی دەیخوێندو خۆیشی هەگبەکەی خاڵی بوو لەنیازپاکی و دەستپاکیەوە ، بەلاّم ئەفسوس هەر ئەو پیاو گەندەلاّنە  وەك دەم راستێك پیاوچاك ئاسا بەرووی گەندەڵیەوە هەڵدەزنین !!!

بەهەرحاڵ نامەوێت قسە بەکەس ببڕم و بازاڕی کەس بشکێنم بابۆخۆیان بیڵێن و قسەیەکیش ئەگەر بۆ نیفاقیش بێت لەبارەی گەندەڵیەوە بابیکەن ، چونکە قسە کردن لەسەر گەندەڵی پێویستیەکی رۆژانەیەو هەر کەس و لایەن و گروپێك بیکات دواجار دەبێتە هۆی کردنەوەی دەرگا بەرووی راستەقینەیەك ئەمیش بوونی گەندەڵییە لە نێو وڵاتدا , کاتێکیش هەست بە وجودی ئەمە کرا ئیدی ئەم بابەتە ناتەندروستە دەبێت بەبەشێك لە ئاگایی خەڵك و ئەمانیش هەر چۆنێك بێت گەندەڵی بەهەموو فەزاکانیەوە لەحاڵی ئیستادا کۆمەڵگای ئێمەی تەنیوەو دەزگا حکومی و حزبی و ئیداریەکانیشمان لە کوردستان لەسایەی ئەو گەندەڵیەدا تووشی بە تووشی داروخانی ئابووری و کۆمەلاّیەتی و سیاسی و ئەخلاقی بووە . مومکین نییە ئەو تەوژمە ناتەندروستیەش کەگەندەڵی لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی وا بە ئاسانی بە ئێمە مانان قەلاّچۆ بکرێت ، مەگەر ئێمەی رۆژنامە نووس و نووسەران تەنها قەڵەم بەدەستێك و هۆکارێك بین بۆ دەرخستنی رووی راستی ئەو گەندەڵییەی کە لە کوردستاندا هەیە ، بەلاّم وەك رۆژنامەنووسە هاوکارەکەم وتەنی : (درکاندن و قسەلەسەر کردنی ئەو گەندەڵیانە لەبێدەنگبوون و کپکردنەوەی سەد قات باشترە) منیش لو سۆنگەیەو بڕوابوونم بە دەرخستن  و والاّ کردنی پۆخڵەواتی دەسەلاّتداران لەو وتارەمدا هەوڵدەدەم قسەیەك تەنها بۆ مێژوو بۆ دونیای گەندەڵی لە کوردستان و بەتایبەتی لەشاری هەولێردا کەخۆم لەناویدا دەژیم بکەم

ئیدی مەبەستم لەو باسەش بۆئەوەیە بەدەسەلاّتدارانی هەولێر بڵێم بێدەنگبوونی ئێمە لەراست گەندەڵیەکانتاندا بازووی ستەمکاریتانی بەهێزتر کردووەو ئەم بەدەنگهاتنەشم ئەگەر لەبەرامبەریدا نەبمە قوربانی ئەوە لەو وتارەمدا دەتانخلیسکێنم بەسەر کەرامەتی ئەو شارەدا کە بەداخەوە نەتانپاراست ! !

دیارە قسەکردن لەسەر دیاردەی گەندەڵی بەپێی لۆژیکی زانستی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی و دیاردەناسیەوە هەڵگری شرۆڤەیەکی میتیۆدیانە بەخۆیەوە هەڵدەگرێت لە ئاست لێدوانمان لەسەر گەندەڵیدا ، بەلاّم من هەوڵدەدەم لەو باسەدا بە رووخسەت وەرگرتن لە دونیای زانستدا ئەمجارە بەزمانی بازاڕ دیدی خۆم لەسەر گەندەڵی شیبکەمەوە ، چونکە ئەو گەندەڵیەی ئێستا لەواقیعی ئیداری و کۆمەلاّیەتی ئێمەدا بوونی هەیە و لەنێو کایەکانی کۆمەڵگادا پەیرەو دەکرێت بێگومان کلتووری بازاڕ خوڵقاندوویەتی و بەپێچەوانەی مۆدێرنەکانەوەش دەیڵێم ئەم واقیعەی هەولێر راستە دەرهاویشتەی دونیای مۆدێرنیتەیە بەلاّم بە دیوە بەربەریەکەی ! ! !

هەڵبەتە لەوەها باسێکدا پێویست دەکات لە جێگای هەموو زاراوە زانستی و فیکری و مەعریفیەکاندا وشەی ( بەر بەر یان بەربەریەت ) بۆخوێندنەوەی ئەقڵیەتی دەسەڵاتدارانی ئیستاکەمان بەکاری بهێنین ، چونکە زمان و کلتوری بازاڕی ئێمە بەشدارە لە قبولکردنی جۆرێك لە تێگەیشتنی سەرشەقام و گەڕەك و خێڵ و بنەماڵە کە ناکرێت تۆ بێیت حیکایەتی فەیلەسوفان و رۆشنبیران و وتەی بلیمەتانی بۆ بهێنیتەوە . هەم لەبەر ئەوەی ئەو پیاوگەندەڵانە باوەڕیان بە زمان و تێگەیشتنی دونیای سەردەم نییە ، هەم خۆیان لەرووی پێکهاتەی فسیۆلۆژیانەوە دەرهاویشتەی دونیایەکن کە (180) پلە لەدووری عەقڵ و مەعریفەدا بەرهەم هاتوون . بۆیە قسەکردن لەدونیای ئەو پیاوگەندەڵانە قسەکردنە لە دونیای بەربەریەت کەتەنها مرۆڤی دەرەوەی مێژوو بەرهەم دەهێنێت . راستە کۆمەڵگای ئێمە خەتابارترین کۆمەڵگایە لەئاستی خۆیدا ، چونکە لە کەمترین حاڵەتدا ئۆف بۆ زامەکانی خۆشی ناکات کەرۆژانە دەسەڵاتداران دژ بەجەستەی ئەو ئەنجامی دەدەن .لێرەدا خەتەرترین شتێك کە لە دایکبووبێت لەنێو ئەو کۆمەڵگایە زامدارەدا ئەو بێدەنگیەیە کە لەدوای زامدار کردنەوە دێتە ئاراوە ، لەبەر ئەوەی بریندار کردنی جەستە لەهەر بارێکدابێت بێڕێز کردنی شعورە لەئاست هەستکردن بەمرۆڤبوون . بۆیە درێژکردنەوەی ئەو زامە لە جەستەی ئێمەدا لەو کاتەدا پەرەی سەند کەئێمە مانان بەدرێژایی شەڕەکان بەبێدەنگی ماینەوە ، بەڵێ هەمیشە بێدەنگ بووینە لەبەردەم بەهەدەرچوونی تەواوی سەروەت و سامانی وڵات کەلە دوای راپەڕینەوە بەشێکی ئاودیوی سنوور کران و بەشەکەی دیکەشی چووە نێو گیرفانی بەرپرسان . بێدەنگبووین و ئێستاش نەمانزانی شەڕی ناوخۆ لەسەرچی بوو؟! پارەی برایم خەلیل بۆ کوێ چوو ؟؟! هەزاران گەنجیان لێکوشتین و دونیایەك یادەوەری قێزەونیان لا جێهێشتین و هەر بێدەنگبووین ، گەورەترین شەڕ و خیانەت لەسەر ئەرزی نیشتیمان تاقیکرایەوەو هەر بەبێدەنگی ماینەوە ، هەست و نەست و خولیاکانیان بەهەدەر داین و لەچرکە ساتێکی خوێناویدا هەموویانیان زیندەبەچاڵکرد و داخەکەم هەر بێدەنگبووین !!! بەراستی ئەو پیاو گەندەڵە راستی دەفەرموو کە دەیگووت: (قەیدی چییە رۆڵە ناترسین لە میللەت ئەوان لە ئێمە دەبوورن و نەخۆشی لەبیر چوونەوەیان هەیە ) منیش پێت دەڵێم هەی پیاوی گەندەڵ هەرچەندە راستدەکەیت بەڵام تۆی کوشندەترین بوونەوەر لەنێو جەستەی ئێمەدا داماو داماو لە چاوەنواڕی مەرگی خۆتدایت. بێدەنگی خەریکە لەنێو خەیاڵەکانیشماندا رەگدابوکتێت و نەهێڵێت خەیاڵی جوانیش دروست بکەین ، بێدەنگی تێکەڵ بە کلتورو شعورمان بووە . بۆیە دەڵێم بێدەنگی گەندەڵی بەرهەمدێنێت و هەر ئەمیش گەشەی پێدەکات ، بێدەنگی دۆڕانی ویژدانە لەبەردەم ژیاندا ، دۆڕانی مرۆڤە لەنێو کەینونەی ترسنۆکیدا . لێرەدا بێدەنگی دەبێتە مەودایەك بۆ ترسنۆکی و ترسنۆکیش مەرگە لەنێو فەزای گەندەڵیدا ، گەندەڵی هەموو رۆژێك بەبەردەوامی مرۆڤایەتی لەگەڵ خۆیدا دەکوژێت. گەندەڵی ساتەکانی مەعریفە ئەباتەوە بەر دەم گەمەیەکی دۆڕاو و دۆڕاوتر لە زەوقی قوماربازێك کە لەیەك چرکەدا دونیایەك پرۆژە لەنێو خەیاڵیدا دەکوژێت .

لێرەدا دەردەکەوێت دونیای ئێمە دونیایەکە لێوانلێوە لە گەندەڵی ، لێتان ناشارمەوە شاری هەولێر ئێستا بۆتە بازاڕێکی رەش بۆ پیاوگەندەڵەکان هەر مەپرسە نەك خانوو نەك پارەو کۆمپانیاو سەیارەو شتی نایابی دونیا کام کچی جوانی شارەکەم هەیە بۆخۆیان بردوویانە. هەولێر نەك هەر بۆتە قەندەهار و تیرۆریست بەرهەم دێنێت , بەڵکو بوەتە قومارخانەیەکی گەورە و شەو نییە چەندان بەرپرس بەقەد پرۆژەیەکی بێناز و تەواونەکراو دۆلار نەدۆڕێنێت. شارەکەم پیاوگەندەڵی باشی لێهەڵکەوتوە باوەڕیان بە هیچ یاساو رێسایەك نیە تەنها پارە دەناسن و تەنانت ئاگایان لە ژنەکانیشیان نەماوە . من ئیستا لە شارەکەمدا بومەتە بێگانە و بێگانەش خاوەن ماڵە , شەقام و

گەڕەك و شوێنە گەشت و گوزاریەكانی شارەكەم بەناوی بێگانە دەكرێت و وەك ئەوەی جوامێر و ئەسڵ زادەكان لە قەیراندابێت لە شارەكەمدا ، لەم شارەی مندا یەك روئیا بۆ بینین هەیە یەك دەم بۆ قسەكردن هەیە و یەك دەست بۆ دەستلێدان هەیە و یەك قاچ بۆ رۆشتن هەیە و بێگومان كەس لەدەرەوەی ئەو هەستانەوە نابێت بیر بكاتەوە , چونكە لە شارەكەی مندا یەك جۆرە ئەقڵ و یەك جۆرە بینین هەیە . نازانم ئەو شارەی من بۆ وای لێهاتوە سا گوێم بۆ شلكەن ئەم حیكایەتەشتان لە بری كۆتایی وتارەكەم بۆ ئەگێڕمەوە لە بەرەوەی من لەرەنگی دەسڵاتدارانی هەولێر كاڵنەبومەتەوە زۆر بەبێ ئەدەبانە بەبراكەمیان گوتبوو ئەو مۆڵەتەی كە تۆ داواتكردووە بۆ دوكانەكەت لەبەر برا زمان درێژەكەت مۆلەتەكەت پێنادەین , ئای لەو ئاشتیەی كە پارتی و یەكێتی پێی دەنازن , لە شارێكدا تەنها رەنگێك بەرقەرارەو رەنگەكانیتر نەیاروو سەربەخۆكانیش لە دووری دووری شتە جوانەكاندا وێنەیان دەكێشرێت . بەراستی سەیرە هەر دوێنێكە بوو لە كەناڵە ئاسمانیەكەیاندا كارمەند بویمە و ئەمرۆكەش لە بێگانە بێگانەترم دەدەن قەڵەم , نازانم روو لە كوێبكەم شارەكەم لە چاوی خۆم خۆشتردەوێت بەڵام بەربەریەكانی شارەكەم خەریكە نامۆم دەكەن , هەرچەندا شار بۆ كەس بەجێناهێلم و بڕواشم بە گۆڕان هەیە , بۆیە لە چاوەنواڕیدام بۆ ئەوەی سەردەمی بیركردنەوە و هۆشیاری بگەڕێتەوە بۆ ناو شارەكەم و هاوڵاتیەكانی رۆژووی بێدەنگی بشكێنن و زۆر بە ڕاشكاوانە بەدەسەڵاتداران و پیاو گەندەڵەكان بڵێن , گەندەڵیش سنووری خۆی هەیە , سنووریش بۆ ئەو كەسانەیە كە رێز لە خۆیان و مرۆڤایەتی نانێت !!!